کــردي

# واجبێتی کردەوە کردن بە سونەتی پێغەمبەری خودا ﷺ وکوفری ئەو کەسەی نکۆڵی لەمە دەکات


دانـەر ؛ زانای پایەبەرز :

عبد العزیز ئیبن عبد الله ئیبن باز

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-



Islamhouse.com

المحتوى الإسلامي

Rabwah

بسم الله الرحمن الرحيم

# واجبێتی کردەوە کردن
# بە سونەتی پێغەمبەری خودا ﷺ
# وکوفری ئەو کەسەی نکۆڵی لەمە دەکات

**دانەر ؛ زانای پایەبەرز شێخ:**

**عبد العزیز ئیبن عبد الله ئیبن باز**

**-ڕەحمەتی خوای لێبێت-**

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع

الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900

ceo@rabwah.sa

P.O.BOX: 29465

RIYADH: 11557

www.islamhouse.com

## بەناوی بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، وسەرەنجام وکۆتایی بۆ تەقوادارانە، وسەڵاوات وسەلام لەسەر پێغەمبەرمان موحەمەد نێردراو وەکو ڕەحمەت بۆ جیهانیان وسەڵاوات وسەلام لەسەر ئەهلی بەیتی وهاوەڵانی کە قورئان وسونەتی پێغەمبەرەکەیان بە پارێزراوی گەیاندووە بۆ ئەوانەی لەپاش خۆیان هاتن، بەئەوپەڕی پاراستنی ئەمانەت و وردبینیەوە، ومانا ودەستەواژەکانیان پاراستووە -ڕەزای خوایان لێبێت-، وپەروەردگار بمانکات بە یەکێک لەئەوانەی شوێنیان دەکەون بەچاکە وبمانکات بە بەڵگە لەسەر هەموو بەندەکان بەگەیاندنی ئاینەکەی، پاشان:

زانایان لەپێشوو ولە ئێستادا کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو بنچینانەی بەهەند وەردەگیرێت بۆ چەسپاندنی حوکمەکان، وڕوونکردنەوەی حەڵاڵ وحەرام ؛ لە قورئانی پیرۆز دایە کە هیچ ناحەقی و نادروستی و ناتەواویەک ڕووی تێ ناکات لە هیچ کاتێکدا و لەهیچ لایەکەوەوە، پاشان لە سونەتی پێغەمبەر دایە -صلی الله علیه وسلم- ؛ کە بە هەوا وئارەزووی خۆی قسە

ناکـات بەڵکـو ئەوەی دەیڵێـت وەحـیە لەلایەن خـوداوە، پاشـان یەکـدەنگی وکـۆدەنگی زانایـانی ئیسـلام، دوای ئەمـانە زانایـان جیاوازن سەبارەت بە چەند بنچینەیەکی تر گرنگترینیان بریتیە لە قیـاس -پێچوانـدن- وزۆریـنەی زانایـان لەسـەر ئەو ڕایەن کە بەڵـگەیە ئەگەر مەرجە بەهەنـد وەرگیراوەکـانی تێـدا بێـت، وبەڵگەکـانیش لەسـەر ئەم بنچینـانە زۆرتـرن لەوەی سـنووردار بکرێن و بەناوبانگترن لەوەی باس بکرێن.

# ئەو بنچینانەی بەهەند وەردەگیرێت لە چەسپاندنی حوکمەکاندا

## ◆ بنچینەی یەکەم: قورئانی پیرۆز

سەبارەت بە بنچینەی یەکەم؛ قورئـانی پیـرۆز، لە زۆر شـوێنی قورئاندا ئامـاژە کـراوە بە واجبێتـی شـوێنکەوتنی ودەسـتگیرۆیی پێوەی وپاراستن وتێنەپەڕاندن وڕەچاوکردنی سنوورەکانی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُـوا لَعَلَّكُـمْ تُرْحَمُـونَ﴾ واتە: ﴿ئـەم قورئانـە کتێبێکـی پیـرۆزە دامانبەزاند (بۆ سەرجەم خەڵکی، لە هـەموو کـات و شـوێنێکدا) دە ئێـوەش شـوێنی بکـەون و تەقواتـان هەبێـت تـاوەکو اللّٰه ڕەحمتان پێبکات﴾ [الأنعام:١٥٥].

وپەروەردگار لە سورەتی (المائدة) دەفەرموێـت: ﴿قَـدْ جَـاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُـو عَـنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُـورٌ وَكِتَـابٌ مُبِـينٌ * بەڕاسـتی لەلایـەن خـــواوە ڕووناکیــەکی ئاشــکراتان بۆهــاتووە -کــە مــوحەمەدی پێغەمبەرمانە (صلى اللّٰه عليه وسلم)- هـاوڕێ لەگـەڵ کتێبێکـی ڕوونکەرەوەدا (کە قورئانە) (١٥) يَهْدِي بِهِ اللَّـهُ مَـنِ اتَّبَـعَ رِضْـوَانَهُ

سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ * (بێگومان) خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و ڕێنموویی ئەو کەسانە دەکات کە: شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسودەیی و لە تاریکایی یەکان دەریاندەهێنێت و ڕزگاریان دەکات و دەیانخاتە ناو ڕوناکیەوە بەفەرمانی خۆی و ڕێنموویان دەکات بۆ سەر ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروستی (دینداری و خواناسی و چاکە کاری) (١٦)﴾.

وخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالذِّكْرِ لَمَّا جَاءَهُمْ وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ * بەڕاستی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بە ئەو قورئانەی بۆیان نێردرابوو، بێگومان ئەو قورئانەش کتێبێکی زۆر بەنرخ و ناوازە و بە هێز وبەپێزە (٤١) لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ * هیچ ناحەقی و نادروستی و ناتەواوییەک ڕووی تێ ناکات لە هیچ کاتێکدا و لەهیچ لایەکەوە، ڕەوانەکراو و نێردراوی زاتێکە کە خاوەنی حیکمەت و داناییە و شایانی سوپاس و ستایشە(٤٢)﴾ [فصلت].

وپەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ﴾ واتە: ﴿وئەم قورئانە بەوەحی ونیگا بۆم هاتووە تا

ئێـوە و هـەموو ئەوانـەی پێیـان دەگـات بەهـۆیەوە ئاگادارتـان بکەمەوە﴾ [الأنعام:١٩].

وخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هَذَا بَلَاغٌ لِلنَّاسِ وَلِيُنْذَرُوا بِهِ﴾ واتە: ﴿ئـەم (قورئانـە) ڕاگەیاندنێکـە بـۆ خـەڵکی بەگشـتی تـا بەهۆیەوە وریا بکرێنەوە و ئامۆژگاری پێ وەربگرن﴾ [إبراهيم:٥٢].

ئایەتەکـــان لەســـەر ئەم مانایـــانە زۆرن، وزۆرێـــک لە فەرمـوودە سـەحیحەکانی پێغەمـبەری خـودا -صـلی اللـه علـیە وسـلم- هـاتوون کە فەرمـان دەکەن بە دەسـتگرتن بە قورئـان وپەیڕەوکردنی، هەمـوو ئەمـانە ئامـاژەیە بـۆئەوەی هەرکەسـێک دەسـتی پێـوە بگرێـت ئەوا لەسـەر ڕێبـازی ڕاسـت وهیـدایەتە وئەوەی وازی لێبهێنێت وشوێنی نەکەوت ئەوا لەسەر گـومڕاییە، ولەو فەرموودانەیش کە چەسپاوە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- ؛ لە وتاری حەجیماڵئاوایی فەرمووی: «ئەوەم بۆ ئێوەم جێهێشتووە ؛ گومڕا نابن ئەگەر بەڕاستی دەستی پێـوە بگـرن» [رواه مسـلم] ؛ پێغەمـبەر -صـلی اللـه علـیه وسـلم- مەبەستی قورئان وسونەتە.

وله هەمان سەرچاوەی پێشوودا هـاتووه كه پێغەمـبەری خـودا -صـلى الـله علـيه وسـلم- دەفەرموێـت: «مـن دوو شـتی گەوره وگرانتان بۆ جێدەهێڵم: يەكەميان كتێبـی خـودا (قورئـان) كه هيدايەت ونور ورێنمونی تێدايه شوێنی بكەون ودەستی پێوه بگرن».

پێغەمبەری خودا ڕێنمونی كرد بۆ دەستگرتن به قورئانەوه وهـانی دان بـۆی، پاشـان فەرمـووی : «ئەهلـی بەيـتم ؛ خـوای گەورەتان بەبير دەهێنمەوه سەبارەت به (مافی) ئەهلـی بەيـتم، خوای گەورەتان بەبير دەهێنمەوه سـەبارەت به (مـافی) ئەهلـی بەيتم». له گێڕانەوەيەكدا سەبارەت به قورئـان فەرمـووی: «ئەوه پەتی خوای گەورەيه ؛ هەركەسێک دەستی پێوه بگرێـت لەسـەر هيدايەته، وهەركەسێک وازی لێبهێنێت لەسەر گومڕاييه».

فەرموودەكـان لەسـەر ئەم واتـايه زۆرن، ويەكـدەنگی زانايـان لەهاوەڵان وئەوانەی پاشيان هاتووه لەسەر واجبێتی دەستگرتن به كتێبـی خـوای گەوره وحـوكم كـردن پێـی وگەڕانەوه لەحـوكم كردندا بۆ لای وهەروەها گەڕانەوه بۆ سونەتی پێغەمـبەری خـودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەوەنده بەسه و وەڵام بەخشه شوێنی باسكردنی هەموو بەڵگەكان دەگرێتەوه.

## ◆ بنچیـــنەی دووەم: ئەوەی بە ســـەحیحی وچەســـپاوی هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسـلم- وهاوەڵانی وئەوانەی پاشیان لە زانایان وئیمانداران

بنچیـــنەی دووەم لە ســـێ بنچیـــنەکە کە یەکـــدەنگی هەیە لەسەری ئەویش ئەو فەرموودانەیە کە بە سـەحیحی ودروسـتی لە پێغەمـبەرەوە هـاتوون -صـلى الـله علـيه وسـلم-، هـاوەڵان وئەوانەی پاشیان لە زانایان ؛ باوەڕیان بەم بنچینە هەیە و وەکـو بەڵگە باسی دەکەن وفێری ئومەتی دەکەن.

لەســـەر ئەم بـــابەتە کتێبـــی زۆر نووســـراوە وڕوونکـــراوەتەوە لەکتێبەکانی (أصول الفقـه : بنچینەکـانی فیقهـ) و (المصـطلح : زانسـتی فەرمـوودە)، وبەڵگەکـان لەســـەر ئەم بـــابەتە زۆرن ولە ژماردن نایەن، ولەوانەیش ئەوەی هاتووە لە قورئانـدا سـەبارەت بە فەرمـــــانکردن بە شـــــوێنکەوتنی وگـــــوێڕایەڵیکردنی، ئەمە ئاراستەکراوە بۆ خەڵکی سەردەمی خۆی وئەوانەی لەپاشی دێـن هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت چـونکە پێغەمـبەری خـودا -صـلى الـله عليه وسلم- بۆ هەموو خەڵکی نێردراوە، وئەو -صلى الـله علـيه وسلم- ڕاڤەکاری کتێبی خـوای گەورەیە ؛ وئەوەی تێیـدا هـاتووە ڕوونی دەکاتەوە بەقسەکانی وکردەوەکانی وبێدەنگ بـوون وڕازی

بـوونی لەسـەر قسـەیەک یـان کـردەوەیەک لەپێشـی کرابێـت -تەقریر-، وئەگەر سونەتی پێغەمبەری خودا نەبوایە مسوڵمانان ژمـارەی ڕکاتەکـانی نـوێژە فەرزەکـان وچـۆنیەتی ئەنجامـدانی نوێژەکان وئەوەی واجبە تێیدا ؛ لەلایان نەزانراو بوو، و وردەکـاری ڕۆژووگرتن وزەکات وحەج وجیهاد وفەرمـان بەچـاکە ونەهـی لە خراپەیان ؛ نەدەزانی، ونەیاندەزانی وردەکاری حەڵاڵ وحەرام چیە لە مامەڵەکـان وشـتە حەرامکراوەکـان وئەوەی خـوای گەورە واجبی کردووە لە سنوورە -حەددە- شـەرعیەکان وسـزاکان، لەو ئایەتانەی لەسەر ئەم بابەتە هاتووە:

لە سورەتی (آل عمران) خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَأَطِيعُـوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ واتە: ﴿گوێڕایـەڵ و فەرمانبـەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی بن بەڵکو خوای گەورە ڕەحمتان پێبکات﴾.

ولە سورەتی (النساء) ؛ پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَـازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُـونَ بِاللَّـهِ وَالْيَـوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَـنُ تَأْوِيـلًا﴾ واتە: ﴿ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـــاوە، فەرمانبـــەردار و گوێڕایـــەڵی خـــوا و پێغەمبـــەر و فەرمانڕەواکان بکەن کە وەک خۆتـان بـاوەڕدارن، خـۆ ئەگـەر لـە

شتێکدا بـوو بەکێشـەتان دەربـارەی حـوکمی خـوایی، ئـەوە ئـەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکـەی (صـلی الله علیـه وسلم) (کە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی قیامـەت هەیـە، (ڕەفتارکردنتـان) بـەو شـێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان﴾.

وهەر لە سورەتی (النساء) ؛ پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُـولَ فَقَـدْ أَطَـاعَ اللَّـهَ وَمَـنْ تَـوَلَّى فَمَـا أَرْسَـلْنَاكَ عَلَـيْهِمْ حَفِيظًا﴾ واتە: ﴿ئەوەی فەرمانبەرداری پێغەمبەر (صـلی الله علیـه وسلم) بکات، ئەوە بەڕاستی فەرمانبـەرداری خـوای کـردووە، ئەو کەسەیشی پشت هەڵکرد (ئـەوە خـۆی زەرەرمەنـد دەبێـت) خـۆ ئێمە تۆمان نەناردووە تا ببیتە چاودێر بەسەر ئەوانەوە﴾.

چـۆن دەکرێـت گـوێڕایەڵی بکرێـت و بـۆ چارەسـەر کردنـی ناکۆکی نێوان خەڵکـی بگەڕێینەوە بـۆ قورئـان وسـونەت ؛ ئەگەر سونەتەکەی وەکو بەڵگە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت یان هەمووی پارێزراو نەبێت، بۆیە بەپێی ئەم قسەیە ؛ خـوای گەورە فەرمـانی بە بەندەکانی کردووە بە شوێنکەوتنی شتێک کە هەر بوونی نیە، وئەمیش پوچەڵترین شـتە وگەورەتـرین کـوفرە بە خـوای گەورە وگومان خراپیە بە ئەو زاتە -سبحانه وتعالی-.

خوای گەورە -عز وجل- لە سورەتی -النحل- دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ واتە: ﴿و ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاند، تا بۆ خەڵکی ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆیان هێنراوەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی بیرێك بکەنەوە و تێبفکرێن﴾.

وهەروەها پەروەردگار لە هەمان سورەتی پێشوو دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: ﴿ئێمە قورئانمان دانەبەزاندووەتە سەر تۆ تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە هەرچی ئەو خەڵکە کێشەی لەسەر هەیە (لە بابەتەکانی دنیاو دین) بۆیان ڕوون بکەینەوە و ببێتە هۆی هیدایەت و ڕەحمەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن﴾.

چۆن خوای گەورە فەرماندەکات بە پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- کە ئەوەی دابەزیوە -قورئان- ڕوونی بکاتەوە ؛ لەکاتێکدا سونەت بوونی نەبێت یان بەڵگەی تێدا نەبێت؟

وهەروەها پەروەردگار لەسورەتی -النور- دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ

الْمُبِينُ﴾ واتە: ﴿پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خـوا و فەرمانبـەرداری پێغەمبـەر بـن، خـۆ ئەگـەر پشـتیان هـەڵکرد، ئـەوا ئـەو تـەنها گەیاندنی پەیامی خودای لەسـەر شـانە، وئێـوەیش سـەرپێچی و یاخی بوونەکەتان لەسەرتان دەکەوێت، خۆ ئەگەر فەرمانبەرداری بن و گوێڕایەڵ و ملکەچ بن بە ڕاستی ئەوە هیدایەت وەردەگرن، دڵنیـاش بـن کـە ئـەرکی سەرشـانی پێغەمبـەر -صـلی اللە علیـە وسلم- تەنها گەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرایە﴾.

و لەهەمان سورەت خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَأَقِيمُـوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ واتە: ﴿ئـەی ئیمانداران: نوێژەکانتان لە کاتی خۆیدا بە چاکی ئـەنجام بـدەن و زەکاتی ماڵەکانتان بـدەن و فەرمانبـەرداری پێغەمبـەریش بکـەن بەڵکو ڕەحمەتان پێبکرێت﴾.

وپەروەردگار لەسورەتی (الأعراف) دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّـهِ إِلَـيْكُمْ جَمِيعًـا الَّـذِي لَـهُ مُلْـكُ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيـتُ فَـآمِنُوا بِاللَّـهِ وَرَسُـولِهِ النَّبِـيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِـهِ وَاتَّبِعُـوهُ لَعَلَّكُـمْ تَهْتَـدُونَ﴾ واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر (صـلی اللە علیـە وسـلم) بڵـێ: ئـەی خەڵکینـە بەڕاستی من پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە بەگشتی، ئـەو خوایـەی

کە هەر بۆئەوە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، هیچ خوایـەک نیە جگە لەو زاتـە، دەژێنێـت و دەمرێنێـت، کەواتە بـاوەڕ بهێـنن بەو خوایە و بە پێغەمبەرەکەی، کە هەواڵدەرێکی نەخوێندەوارە، (تاهیچ کەس نەڵێت پیاوێکی خوێنـدەوار بـووە و خـۆی قورئـانی داناوە) ئەو پێغەمبەرەی کە خۆی باوەڕ دەهێنێـت بـە خـواو بـە فـەرموودەکانی، دە ئێـوەش شـوێنی بکـەون، بـۆ ئـەوەی ئێـوە ڕێنموویی بکرێن﴾.

لەو ئایەتـانەدا ئامـاژەی ڕوون هـاتووە سـەبارەت بەوەی هیـدایەت وڕەحـمەت لە شـوێنکەوتنی پێغەمـبەرە -صـلى اللـه عليه وسلم-، وچۆن ئەمە دەبێت ئەگەر کردەوە بە سـونەتەکەی نەکرێت یان بووترێت ڕاست وسەحیح نیە یان بووترێت ناکرێـت پشتی پێ ببەستین وەکو بەڵگە.

پەروەردگار لەسورەتی (النور) دەفەرمویێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: ﴿دەبا ئەوانەی کـە سـەرپێچی فـەرمانەکانی (پێغەمـبەری خـودا) دەکەن بترسن لەوەی کە تووشـی تـاقی کردنەوەیـەکی سـەخت، یان تووشی سزایەکی بە ئێش ببن﴾.

وخـوای گەورە لەسـورەتی (الحشـر) دەفەرموێـت: ﴿وَمَـا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُـوا اللَّـهَ إِنَّ اللَّـهَ شَـدِيدُ الْعِقَـابِ﴾ واتە: ﴿جـا ئـەوەی پێغەمبـەر (صـلى الله عليـه وسـلم) پێـی بەخشـیوون وەری بگـرن، هـەر فـەرمانێکی پێـدان بـەگوێی بکـەن، قەدەغـەی هـەر شـتێکی لـێ کـردن لێـی دوور بکەونەوە، لە خوا بترسن؛ چونکە بەڕاستی خـوا سـزای بە ئـێش وسەختە﴾.

ئەو ئایەتانەی کە ئاماژەن بۆ ئەم بابەتە زۆرن وهەموویان بەڵگەن لەسەر واجبێتی شوێنکەوتن وگوێڕایەڵیکردنی -صلى الله علـيه وسـلم-، وشـوێنکەوتنی ئەوەی پێـی هـاتووە هەروەکـو لەبەڵگەکانی پێشووتر باسکرا سەبارەت بە واجبێتی شوێنکەوتنی قورئان ودەستگرتن پێوەی وگوێڕایەڵبوونی فەرمانەکـانی ونەهـی لێکراوەکـانی، وقورئـان وسـوننەت دوو بنچیـنەن هەرکەسـێک نکۆڵی لەیەکێکیـان بکـات ئەوا نکـۆڵی لە ئەوی تریـان کـردووە و بەدرۆی داناوە، وئەمەیش کوفر وگومڕاییە ودەرچوونە لە بـازنەی ئیسلام بەیەکدەنگی زانایان.

## هەندێك لەو فەرمووودانەی لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- لەمبارەیەوە هاتوون:

فەرموودەی زۆری موتەواتیر[1] هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- سەبارەت بە واجبێتی گوێڕایەڵیکردنی وشوێنکەوتنی ئەوەی پێی هاتووە، وحەرامێتی سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی ئەمیش دەرهەق بەئەوانەی لەسەردەمی ئەو بوون وئەوانەیشی لە پاشی دێن هەتاوەکو قیامەت، نمونەی ئەو فەرموودانە ؛ ئەم گێڕانەوەیە لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک گوێڕایەڵی من بێت ئەوا گوێڕایەڵی اللّٰه بووە و هەرکەسێک سەرپێچی -فەرمانی- من بکات ئەوا سەرپێچی -فەرمانی- اللّٰه ی کردووە».

وله [صحیح البخاري] دا هاتووە کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە مەگەر کەسێک نەیەوێت، ووترا: کێ نایەوێت ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: هەرکەسێک

[1] موتەواتیر: ئەو فەرموودەیە کە لەڕێگای کۆمەڵێکی زۆر گێڕدراوەتەوە لە کۆمەڵێك زۆری تر ؛ کە مەحاڵە ڕێك کەوتبن لەسەر درۆکردن لە گێڕانەوەیدا.

گـوێڕایەڵی مـن بێـت ئەوا دەچێـتە بەهەشـتەوە و هەرکەسـێک سـەرپێچی -فەرمـانی- مـن بکـات ئەوا نایەوێـت -بچێـتە بەهەشتەوە-».

و[أحمد] و [أبو داود] و [الحاكم] بە سـەنەدێکی[٢] چەسـپاو وسـەحیح -ڕاسـت ودروسـت- گێڕاویـانەتەوە لە میقـدام کـوڕی مەعدی کریبەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الـله علـيه وسـلم- دەفەرموێت: «من قورئـان و هاوشـێوەی قورئـانم پێبەخشـراوە، نزیکە لەوەی کەسێک دوای تێری لەسەر جێگاکەی پاڵیداوەتەوە، ودەڵێت: دەست بگرن بە ئەم قورئانە، هەرشتێک حەڵاڵکـرا بـوو تێیـدا؛ ئێـوەش بە حەڵاڵـی دابنـێن، و هەرشـتێک حەرامکرابـوو تێیدا؛ ئێوەش بە حەرامی دابنێن».

و[أبـو داود] و [إبـن ماجـه] بە سـەنەدێکی چەسـپاو وسـەحیح دەیگـێڕنەوە لە ئەبـی رافـیعەوە کە پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- دەفەرموێـت: «یەکێکتـان نەبیـنم لە حەوانەوەی دوای تێـری لەسـەر جێگـاکەی پـاڵی داوەتەوە، فەرمـانێکی منـی بـۆ بێـت لەو شـتانەی فەرمـانم

[٢] سەنەد یان ئیسناد: واتا زنجیرەی ئەو پیاوانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە هەتاوەکو دەگاتە ئەو کەسەی دەقەکەی -مەتنەکەی- وتووە.

پێکــردووە یــان نەهــیم لێکــردووە دەڵێــت نــازانین، ئەوەی لە کتێبی خوای گەورە هەبێت شوێنی دەکەوین».

ولە حەسـەنی کـوڕی جـابرەوە دەڵێـت: گـوێم لە میقـدام کوڕی مەعـدی کەریـب بـوو -ڕەزای خـوای لێبێـت- کە دەیـووت: پێغەمبەری خـودا -صـلی اللـه علـیه وسـلم- لەڕۆژی خەیـبەردا هەنـدێک شــتی حەرامکــرد پاشــان فەرمــووی: «نــزیکە لەوەی کەسێک من بەدرۆ بخاتەوە، لەکاتی حەوانەوەی دواى تێری پاڵی داوەتەوە لەسەر جێگاکەی، وفەرموودەی منـی بـۆ باسـدەکرێت، دەڵێــت: لە نێــوان ئــێمە وئێــوە کتێبــی خــودایە (قورئــانە)، هەرشــتێک حەڵاڵکرابــوو؛ ئــێمەش بە حەڵاڵــی دادەنێــین، و هەرشـتێک حەرامکرابـوو؛ ئـێمەش بە حەرامـی دادەنێـین، دەی بــاش بــزانن هەرشــتێک پێغەمــبەری خــودا حەرامــی کردبێــت هەروەکـو ئەوە وایە اللّٰه حەرامــی کردبێــت» [الحــاکم والترمـذي وابن ماجە] گێڕاویانەتەوە بەئیسنادێکی سەحیح -دروست-.

فەرمــوودەی زۆری مــوتەواتیر هــاتووە لە پێغەمــبەری خوداوە -صلی الله علیه وسلم- ؛ کە وەسیەتی هاوەڵانی دەکـرد لە وتارەکانیدا کە ئەوەی ئامادەیە بیگەنێـت بە ئەوەی ئامـادە نـیە وپێیــانی دەفەرمــوو: «هەنــدێجار (ئەوەی فەرمــوودەکەی

پێگەیەنراوە تێگەیشتووتر وشـارەزاترە لە گـوێگر(ی فەرمـوودەکە بووە)».

لەو فەرمـــوودانەش ئەوەی لە لای (بوخـــاری ومســـلم) هاتووە ؛ کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک وتـاری بـۆ خەڵکـی دا لە حەجـی ماڵئـاوایی لە ڕۆژی عەرەفە هاوتـا بەڕۆژی جەژنی قوربان -يوم النحر-، پێیانی فەرموو: «ئەوەی ئامادەیە بـا بیگەنێـــت بە ئەوەی ئامـــادە نـــیە، هەنـــدێجار (ئەوەی فەرموودەکەی) پێگەیەنراوە تێگەیشتووتر وشارەزاترە لە گوێگر(ی فەرموودەکە بووە)».

ئەگەر ســـونەتەکەی بەڵـــگە نەبـــوایە لەســـەر ئەوانەی دەیبیستن و لەسەر ئەوانەیشی پێیان دەگـات، وئەگەر بەردەوام بەڵگە نەبوایە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت ئەوا فەرمانی  نەدەکرد بە گەیاندنی، کەواتە سونەت بەڵگەیەکی دامەزراوە لەسەر ئەوانەی دەیبیستن لە پێغەمبەری خـوداوە -صـلى الـله علـيه وسـلم- و لەســەر ئەوانەیشــی بۆیـان گێـڕدراوەتەوە بە ســەنەدی ڕاســت وسەحیح.

هـاوەڵانی پێغەمـبەری خـودا -صـلى الـله علـيه وسـلم- ســونەتە وتەیــی وکرداریەکـانی ئەویـان پاراســتووە و لەبەریـان

كـــــردووە، وگەيانـــــدويانە بەئەوانەی لەپاشـــــيان هـــــاتوون لە تابيعيەكان وتابيعيەكـان گەيانـدويانە بە ئەوانەی پـاش خۆيـان، وبەم شـێوەيە زانايـان نەوە لەپـاش نەوە وسـەردەم لەپـاش سـەردەم ئەم ئاينەيـان بـۆ ئـێمە گێـڕاوەتەوە، و بە جـوانی لە كتێبەكانيـــان ياداشـــتيان كـــردووە و فەرمـــوودە چەســـپاو وڕاستەكانيان جيا كـردووەتەوە لە فەرمـوودە لاواز وزەعيفەكـان، وبۆ جياكـاری نێـوان فەرمـوودە سـەحيح ولاوازەكـان ؛ چەنـدين ياسـا و ڕێسـايان بـۆ داڕشـتە كـردووين، وزانايـان زۆر بەچـاكی فەرموودەكانيان پاراسـتووە بۆمـان ؛ هەروەكـو چـۆن قورئـان لە لايەن پەروەردگـــارەوە پـــارێزراوە لە دەســـتكاری كردنـــی دەستكاريكاران وبەلاڕێدا بردنـی مولحيـدەكان ودەسـتكاريكردنی چەواشـەكارەكان، ئەمـيش هـاتنە دی مانـای ئەم ئـايەتەيە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَـافِظُونَ﴾ واتە: ﴿بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووەو بێگومان هـەر ئێمەش پارێزگاری دەكەين و (نايەڵين دەسـتی خيانـەتكار هـيچ جۆرە دەسـتێكی تـێ بخـات و هـەموو هـەوڵێك بـۆ دەسـتكاری كردنی نەزۆكە)﴾ [الحجر:٩].

بێگومـان سـونەتی پێغەمـبەری خـودا -صـلی الـلە علـیە وسلم- وەحی دابەزنێراوە، خوای گەورە پاراسـتوویەتی هەروەکـو چۆن قورئانی پاراستووە و زانایانی ڕێنمـونی کـردووە بـۆ پاراسـتنی فەرموودەکان، کە بەلاڕێ بردنـی چەواشـەکارەکان ولێکـدانەوەی نەفامەکـانی لـێ دوور دەخەنەوە وبەرگـری لێـدەکەن بەرامـبەر تۆمەتی نەفام ودرۆزن وبێ دینەکـان، چـۆن وا نابێـت لەکاتێکـدا خـوای گەورە فەرموودەکـانی سـەروەرمانی کـردووە بە ڕاڤەکـاری قورئـانی پیـرۆز وڕوونـکەرەوەی ئەوەی تێیـدایە لە حوکمەکـان وباسکردنی چەند حوکمێک کە لە قورئانـدا بـاس نەکـراوە، وەکـو ڕوونکــردنەوەی حوکمەکــانی شــیرپێدان وهەنــدێک حــوکمی پەیوەست بە میرات وحەرامبوونی ئەوەی پیاو لەیەک کاتـدا دوو خێزانی هەبێت کە خوشکی یەکتر بن یـان ئافرەتێـک وپـورەکەی خێزانــی بــن، وجــگە لەمــانە لەو حوکمــانەی کە لە ســەحیحی سونەتدا هاتوون ولە قورئانی پیرۆزدا باس نەکراون.

## هەنـدێك لە وتە گێڕدراوەکـان لە هـاوەڵان وتابیعیەکـان وئەو زانایانەی لەپاشیان هاتوون ؛ سەبارەت بە گەورەدانانی سونەت و واجبێتی کارپێکردنی:

لە (بوخاری وموسلم)دا هاتووە کە ئەبـو هـورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- فەرموویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الـله عليه وسلم- وەفاتی کرد کۆمەڵێک هەڵگەڕانەوە لە عەرەبەکـان، ئەبـوبەکری سـدیق -ڕەزای خـوای لێبێـت- فەرمـووی: واللّٰه دەجەنگم دژی ئەوانەی جیـاوازی دەکەن لەنێـوان نـوێژ وزەکـات -واتا دەڵێن نوێژ دەکەین بەس زەکات نـادەین-، عـومەر -ڕەزای خـوای لێبێـت- فەرمـووی: چـۆن دژیـان دەجەنگیـت لەکاتێـک پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- فەرمـوویەتی: «فەرمـانم پێکراوە بجەنگم بەرامبەر خەڵکـی هەتـاوەکو دەڵـێن: ( لا إلـه إلا اللّٰه ) ئەگەر وتیان ئەوا خوێن وماڵیان لە من پـارێزراوە مەگەر بە مافی ڕەوا نەبێت»، ئەبو بەکری سدیق فەرمووی: ئایـا زەکـات لە مافی نیە، واللّٰه ئەگەر -تەنـانەت زەکـاتی- بـزنە مێیەکـان نەدەن کە دەیاندا بە پێغەمبەری خودا -صلى الـله علـيه وسـلم- ؛ ئەوا دژیان دەجەنگم بەهۆی ئەو ڕێگری کردنە، عـومەر -ڕەزای خـوای لێبێـت- فەرمـووی: زانـیم کە خـوای گەورە سـینەی ئەبـوبەکری

ڕێنموێنی کردووە بۆ جەنگان بۆیە بـۆم دەرکەوت کە ئەو لەسـەر هەق و ڕاستییە.

هـاوەڵانیش هـاوڕای ئەبـو بەکـر بـوون -ڕەزای خوایـان لێبێــت- بــۆیە جەنگــان دژی هەڵگەڕاوەکــان -مورتەدەکــان- بــۆئەوەی بیــانگەڕێننەوە بــۆ ئیســلام، وکوشــتنی ئەوانەی کە پێداگیر بوون لەسەر پاشگەزبونەوەیان، لەم چیرۆکەدا ڕوونترین بەڵگە هەیە لەسەر بە گەورەدانانی سونەت و واجبێتـی کـردەوە پێکردنی، وداپیـرەی مـردوویەک هـات بـۆ لای ئەبـو بەکـر -ڕەزای خوای لێبێـت- پرسـیاری لێکـرد سـەبارەت بە بەشـی لە میـرات ئەویش پێـی فەرموو: هـیچ بەشـێک بـۆ تـۆ دانەنـراوە لە کتێبـی خــوای گەورە ونــازانم کە پێغەمــبەری خــودا -صـلى الـله علـیه وسلم- بڕیاری لەسەر شتێک دابێـت بـۆ تـۆ وپرسـیار لە خەڵکـی دەکەم، پاشان پرسیاری لە هاوەڵان کرد -ڕەزای خوایـان لێبێـت- وهەندێکیان شاهێدیان لەسەر ئەوە دا کە پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- بڕیـاری بە یەک لەسـەر شـەش داوە بـۆی، دواجـار ئەبو بەکر بڕیاری یەک لەسەر شەشی بۆ دا.

وعومەر -ڕەزای خـوای لێبێـت- وەسـیەتی کاربەدەسـتانی دەکرد بۆئەوەی دادوەری لەنێوان خەڵکی بکەن بە قورئـان ئەگەر مەسەلەکە لە قورئان نەبوو ئەوا بە سونەتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-.

کاتێک ئیمامی عومەر حوکمی ئەو ئافرەتەی لا ناڕوون بوو کە بەهۆی لێدانی یەکێکەوە منداڵەکەی بە مردوویـی لەبـارچوو، پرسیاری لە هاوەڵان کـرد -ڕەزای خوایـان لێبێـت- لەمبـارەیەوە؛ موحەمەد کوڕی مەسلەمە و موغیرەی کوڕی شوعبە شـاهێدیان دا -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسـلم- حوکمی داوە بەوەی خوێنی کۆرپەلەی لەبـارچوو هێنـدەی نرخـ بەندەیە -کۆیلەیە-.

کاتێک لای ئیمامی عوسمان حوکمی عیدە[٣] گرتنی ئافرەت لەماڵی مێردی لەدوای وەفاتی هاوسەری لا ناڕوون بـوو، فـریعە کچی مالک کـوڕی سـنان خوشـکی ئەبـی سـەعید -ڕەزای خـوای لێبێت- هەواڵی پێدا : کە پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- فەرمانی پێکردووە پاش ئەوەی مێردەکەی وەفاتی کرد لە ماڵەوە

---

[٣] عیدە: واتا ماوەی چاوەڕوانی ئافرەت بۆئەوەی شوویەکی تر بکات ؛ لەپاش مردنی مێردەکەی یان تەڵاقدانی.

بێت هەتاوەکو ماوەی دیاریکراو تەواو دەبێت -چوار مانگ ودە ڕۆژ-، دواجار عوسمان قەزاوەتی بەوە کرد.

بەم شێوەیە عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- بەپێی سونەت بڕیاری دا لەسەر جێبەجێکردنی حەددی شەرعی لەسەر (وەلید کوڕی عوقبە) لەو کاتەی ئارەقەی خواردەوە. کاتێک گەیشت بە عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- کە عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- نەهی کردووە لە موتعەی حەج -نییەت هێنان بۆ ئەنجامدانی حەج وعومەر پێکەوە- ؛ عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- نییەتی بۆ حەج وعومرە پێکەوە هێنا وفەرمووی: واز ناهێنم لە سونەتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی قسەی هیچ یەکێک لە خەڵکی، وکاتێک هەندێک خەڵک بەڵگەیان هێنایەوە بەرامبەر ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- بە قسەی ئەبوبەکر وعومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بە موتعەی حەج و باشتر وایە تەنها حەج بکرێت، ئیبن عەباس فەرمووی: نزیکە لەوەی بەرد باران بکرێن لە ئاسمانەوە، دەڵێم: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی و ئێوە دەڵێن ئەبوبەکر وعومەر فەرموویانە.

ئەگەر کەسێک پێچەوانەی سونەت بکات بەهۆی قسەی ئەبوبەکر وعومەرەوە ؛ مەترسی سزادانی لەسەر بێت، ئەی چی سەبارەت بە حاڵی ئەو کەسەی پێچەوانەی سونەت دەکات بەهۆی ڕاوبۆچوونی کەسێکی تر لە خوار ئەوانەوە یان بەهۆی ڕاو بۆچوونی خۆیەوە، وکاتێک هەندێک خەڵک ناکۆک بوون لەگەڵ عبدالله ی کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بە شتێک لە سونەت عبدالله فەرمووی: ئایا ئێمە فەرمانمان پێکراوە بە شوێنکەوتنی عومەر یان شوێنکەوتنی سونەت؟

کاتێک پیاوێک وتی بە عیمرانی کوڕی حوصەین -ڕەزای خوایان لێبێت- : سەبارەت بە قورئان قسەمان بۆ بکە، لەکاتێکدا ئەو باسی سونەتی دەکرد ؛ عیمران توڕە بوو -ڕەزای خوای لێبێت- وفەرمووی: سونەت ڕاڤەی قورئانی خوای گەورەیە، وئەگەر سونەت نەبووایە نەماندەزانی کە نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتە ونوێژی مەغریب سێ ڕکاتە ونوێژی بەیانی دوو ڕکاتە، و وردەکاری حوکمەکانی زەکات وزۆر شتی تر نەزانراو بوو لەلامان کە سونەت بە وردی باسیکردووە وڕوونی کردووەتەوە.

گێــڕانەوەی زۆر هــاتووە لە هــاوەڵانەوە -ڕەزای خوایــان لێبێت- سەبارەت بە بەگەورەدانانی سونەت و واجبێتــی كـردەوە پێكردنــی وئاگــاداركردنەوە لە پــێچەوانە كردنــی، لەوانەش لەو كاتەی عبدالله كوڕی عومەر -ڕەزای خـوای لێبێـت- دەیگێـڕایەوە كە پێغەمـبەری خـودا -صـلی الـلە علـیە وسـلم- فەرمـوویەتی: «ڕێگری مەكەن لە ئافرەتان لەوەی ئامادەی مزگەوتەكـان بـبن»، یەكێك لە كوڕەكانی ووتی: واللّٰه ڕێگرییـان لێـدەكەین. (عبـداللّٰه) لێـی توڕە بوو، وقسەی توندی پێـوت ؛ پاشـان فەرمـووی: دەڵـێم پێغەمــبەری خــودا فەرمــوویەتی وتــۆ دەڵێیــت واللّٰه ڕێگریــان لێدەكەین.

عبـداللە كـوڕی ئیـبن مـوغەفەلی مـوزەنی -ڕەزای خــوای لێبێت- كە لە هاوەڵانی پێغەمـبەری خـودایە -صـلی الـلە علـیە وسلم- ؛ كاتێك بینی كەسێكی نزیكـی خەریكـی بەردهەڵـدانە بە پەنجەكـانی -بە پەلەپیـتكە[٤]-، (ئیـبن مـوغەفەل) پێـی فەرمـوو: «پێغەمبەر -صلی الله علـیە وسـلم- نەهـی كـردووە لەو كـارە»، وفەرمــوویەتی: «نە ڕاوی پــێ دەكرێــت، ونە زیــان بە دوژمــن دەگەیەنێـت، بەڵكـو چـاو كـوێر دەكـات، وددان دەشـكێنێت»،

[٤] (پەلەپیتكە -خەزف: الخَذْف- : شێوەیەكی وەشاندنی وردە بەردە بە بەكارهێنانی پەنجەكانی دەست)

پاشــان کەســە نــزیکەکەی دیســانەوە بەردەوام بــوو لەســەر کــارەکەی خــۆی و وازی نەهێنــا، (ئیــبن مــوغەفەل) فەرمــووی: واللّٰه هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم، پێـت دەڵـێم کە پێغەمـبەر -صلی الله علـیە وسـلم- نەهـی لێکـردووە، و هەر بەردەوامیـت لەسەر کارەکەت؟!

(البیهقي) دەیگێڕێتەوە لە ئەیـوبی سـیختیانی تـابیعیەوە کە فەرموویەتی: ئەگەر باسـی سـونەتت کـرد بـۆ کەسـێک، وئەو ووتی: واز لەمە بێنە، وباسـی قورئمانمـان بـۆ بـکە ئەوا بـزانە کە گــومڕایە، وئەوزاعــی -ڕەحمەتــی خــوای لێبێــت- فەرمــوویەتی: سونەت بڕیار لەسەر قورئان دەدات وڕوونی دەکاتەوە یان ئەوەی ڕەهایە لە قورئاندا لە سونەتدا دیـاریکراوە یـان هەنـدێک حـوکم باس دەکرێـت لە سـونەتدا کە لە قورئانـدا نەهـاتووە، هەروەکـو خوای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت: ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الـذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّـاسِ مَـا نُـزِّلَ إِلَـيْهِمْ وَلَعَلَّهُـمْ يَتَفَكَّـرُونَ﴾ واتە: ﴿و ئێمـە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاند، تا بۆ خەڵکی ئـەوە ڕوون بکەیتـەوە کـە بۆیــان دابەزێنــدراوە، بــۆ ئــەوەی بیرێــك بکەنــەوە و تێفکــرن﴾، وپێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- دەفەرموێـت: «مـن قورئـانم پێدراوە و هاوشێوەی قورئان -مەبەستی سوننەیە-».

بەیهەقـــی دەیگێـــڕێتەوە لە عـــامر شـــەعبییەوە -ڕەحمەتـــی خـــوای لێبێـــت- کە بە هەنـــدێک خەڵکـــی ووت: ئێـــوە تیـــاچوون لەوکـــاتەی وازتـــان لە (ئاثـــار) هێنـــا مەبەســـت فەرمـــوودە ســـەحیحەکانە، وهەر بەیهەقـــی دەیگێـــڕێتەوە لە ئەوزاعـــیەوە -ڕەحمەتـــی خـــوای لێبێـــت- کە بە هەنـــدێک لە هاوەڵانی ووت: ئەگەر فەرموودەیەکت پێگەیشت لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ئامـان نەکەیـت قسـەیەک بکەیـــت جیـــاواز لە فەرمـــوودەکەی ســـەروەرمان، چـــونکە بەدڵنیاییەوە سەروەرمان گەیەنەری فەرمانەکانی اللّٰه یە.

هەر بەیهەقـــی لە ئیمـــام ســـوفیانی کـــوڕی ســـەعیدی ســـەوریەوە -ڕەحمەتـــی خـــوای لێبێـــت- دەیگێـــڕێتەوە کە فەرمـــوویەتی: زانســـت هەمـــووی بـــریتییە لە زانســـت بە ئاثـــار -قسەکانی پێشین-، وئیمامی مالیک -ڕەحمەتی خـوای لێبێـت- فەرمـــوویەتی: هەمـــوو یەکێکمـــان قســـەی وەردەگیرێـــت وڕەت دەکـرێتەوە مەگەر خـاوەنی ئەم گـۆڕە نەبێـت وئامـاژەی کـرد بـۆ گۆڕی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-.

ئەبو حەنیفە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: ئەگەر فەرموودەمان پێگەیشت لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ئەوا لەسەر سەر وچاو.

ئیمامی شافیعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: هەرکاتێک فەرموودەیەکی سەحیحم بۆتان گێڕانەوەیە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ودەستم پێوە نەگرت وکارم پێنەکرد، ئەوا دەتانکەم بە شاهێد لەسەر ئەوەی ئەقڵم نەماوە ولەدەستمداوە.

هەروەها -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: ئەگەر قسەیەکم ووت وفەرموودەیەکتان بیست لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- کە پێچەوانەی بوو ؛ ئەوا قسەکەی من بدەن بە دیواردا -ڕەتی بکەنەوە-.

ئیمامی ئەحمەد -ڕەحمەتی خوای لێبێت- بە هەندێک لە هاوەڵانی فەرموو: تەقلیدی -لاسایی- من ومالیک وشافیعی مەکە، ولەو شوێنەوە بەڵگە وەربگرە کە ئێمەوە وەرمانگرتووە -واتا دەست بە فەرموودەکانی سەروەر بگرە وبەس-.

هەروەها -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: سەیرە بەلامەوە کەسانێک ئیسناد ودروستی وچەسپاوی ئیسنادیان بۆ

دەركەوتووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ پاشان دەچن بۆ لای سوفیان -بۆئەوەی فتوایان بۆ بدات لەسەر مەسەلەیەک کە فەرموودەی ڕوونی لەسەرە-، لەکاتێکدا خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واته: ﴿دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی دەکەن بترسن لەوەی کە تووشی تاقی کردنەوەیەکی سەخت، یان تووشی سزایەکی بە ئێش ببن﴾.

هەروەها فەرموویەتی: ئایا دەزانی فیتنە چیە؟ فیتنە شیرک وهاوبەش دانانە بۆ اللّٰه، لەوەیە ئەگەر هەندێک لە فەرموودەکانی -صلى الله عليه وسلم- ڕەت بکاتەوە ؛ دڵی تووشی شتێک لە گومڕایی ولادان بێت، ودواجار گومڕا دەبێت وتیا دەچێت.

بەیهەقی دەیگێڕێتەوە لە موجاهیدی کوڕی جەبری تابیعیەوە سەبارەت بەم ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ واته: ﴿خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بەکێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (صلى اللّٰه عليه

وسلم) (کە قورئان و سوونەت دەگەیەنێت)﴾ ؛ موجاهید فەرموویەتی: گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە ؛ واتا گەڕانەوە بۆ قورئان، وگەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەرەکەی واتا گەڕانەوە بۆ سوونەت.

بەیهەقی لە زوهریەوە دەگێڕێتەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: زانایانی پێشوومان فەرموویانە دەستگرتن بە سوونەت ؛ هۆکاری ڕزگاربوونە، وئیبن قودامە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە کتێبی (روضة الناظر) سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی بنچینەکانی حوکمەکان دەڵێت: وبنچینەی دووەم لە بەڵگەکان ؛ سونەتی پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم-، وفەرموودەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی ئەو، و الله فەرمانیکردووە بە گوێڕایەڵیکردنی وهۆشداری داوە لە سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی.

مەبەست باسکرا.

سەبارەت بەم ئایەتە: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: ﴿دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی دەکەن بترسن لەوەی کە تووشی تاقی

کردنەوەیەکی سەخت، یـان تووشـی سـزایەکی بـە ئـێش بـبن﴾ ؛ ئیبن کەسیر لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: لە فەرمانەکانی پێغەمبەری خودا، وفەرمانەکانی واتە: ڕێباز ومەنـهەج وسـونەت وشـەریعەتی، بـۆیە قسـە وکردەوەکـان بە سـوننەتی (بە قسـە وکردەوەی) پێغەمبەری خودا دەپێورێت وبەراورد دەکرێـت، هەر قسە وکردەوەیەک بەپێی سونەت بێت ؛ قبولْ دەکرێـت، وئەگەر پێچەوانەی بێت ڕەت دەکـرێتەوە ؛ بـا خـاوەنەکەی هەرکەسـێک بێـت.

لە (بوخـاری ومسـلم)دا هـاتووە کە پێغەمـبەری خـودا -صلی الله علیە وسلم- فەرموویەتی: «هەرکەسێک کردەوەیەک بکات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت -لەئاینی ئـێمە نەبێـت- ئەوا ڕەت دەکرێتەوە»، واتا: با بترسێت وئاگادار بێت ئەو کەسەی سـەرپێچی شـەریعەتی پێغەمـبەر دەکـات لە نهێنـی وئاشـکرادا: ﴿أَنْ تُصِـيبَهُمْ فِتْنَـةٌ * لـەوەی کـە تووشـی تاقیکردنەوەیـەکی سەخت ببن﴾ ؛ واتا: لەدڵیاندا کوفر یان دووڕوویـی -نیفـاق- یـان بیدعە هەیە. ﴿أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ * یان تووشی سزایەکی بـە ئێش ببن﴾ ؛ واتا: لەدونیادا بە کوشتن یان حەددی شـەرعی یـان زیندان یان هتد.

ئیمـام ئەحـمەد دەیگێـڕێتەوە لە عبـدالرزاق لە معمـر لە همام ئیبن مونەبیهـ فەرموویەتی: ئەبو هـورەیرە ئەمەی بۆمـان باسـکرد: کە پێغەمـبەری خـودا -صـلى الـلە علـيە وسـلم- فەرمـوویەتی: «نمـونەی مـن وئێـوە نمـونەی پیـاوێکە ئـاگرێکی کردەوە وکاتێک چواردەوری ڕۆشـن بـوویەوە، لەوکـاتەدا پەپـولە ومێرووەکـانی چـواردەوری ئـاگرەکە دەکەوتـنە نـاو ئـاگرەکە، وئەویـش بەردەوام ڕێگـری لێـدەکردن بـۆئەوەی نەکەونە نـاو ئاگرەکەوە بەڵام دواجار کۆڵیان پێدەدا ودەکەوتنە ناو ئاگرەکەوە، ئەوە نمـونەی مـن وئێـوەیە بەردەوام دەسـتم پێتـانەوەیە وئاگادارتـان دەکەمەوە لە دۆزەخ، بەڵام ئێـوە سـەرەڕای هەوڵەکانی من هەر خۆتان دەخەنە نێویەوە».

(بوخـاری وموسـلم) ڕیوایەتیـان کـردووە لە ڕێـگەی عبـد الرزاقەوە، وسیوطی -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- لە کتێبی (مفتاح الجنة) سـەبارەت بەوەی کە سـونەت بەڵـگەیە ؛ دەڵێـت: بـزانن -ڕەحمەتـی خواتـان لێبێـت- هەرکەسـێک نکـۆڵی بکـات لەوەی فەرموودەی پێغەمبەر -صلى الـلە علـيە وسـلم- لە بنچینەکـانی بەڵگەهێنانەوەیە (ئینجـا فەرمـوودەکە قسـە یـان کـردەوە بێـت بەمەرجە زانراوەکانیەوە) ؛ ئەوا تووشی کوفر بووە ودەرچـوونە لە بـازنەی ئیسـلام، و لەگەڵ جـولەکە وگاوڕەکـان یـان لەگەڵ

هەریەکێک لەوانە حەشر دەکرێـت کە خـوای گەورە بیەوێـت لە کۆمەڵە کافرەکان.

مەبەست باسکرا.

گێـڕانەوەی زۆر هــاتووە لە هــاوەڵان وتــابیعین وزانایــان سەبارەت بەگەورەدانـانی سـونەت و واجبێتـی کـردەوە پێکردنـی، وئاگـادارکردنەوە لە پـێچەوانە کردنـی زۆر زیـاترە لەوەی باسـمان کـــردووە، هیـــوادارم ئەوەی باســـکرا لە ئـــایەت وفەرمـــوودە وگێڕانەوەکـانی تـر بەس بێـت وقایلکـار بێـت بـۆ ئەوانەی هەق وڕاســتیان دەوێــت، وداواکــارین خــوای گەورە ئــێمە وهەمــوو مسوڵمانان سەرکەوتوو بکات بۆئەوەی خۆی پێی ڕازیە وپـارێزراو بین لە هۆکارەکانی تورەبوونی، وداواکارین هیدایەتمان بـدات بـۆ سەر ڕێبازە ڕاستەکەی خۆی ؛ ئەو زاتە بیسەر ونزیکە.

وصلى الله وسلم على عبده ورسوله، نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان.

# پێڕست

(کلیك لەسەر سەرەبابەتەکە بکە بۆئەوەی بچیتە سەر بابەتەکە لە لاپەڕەکەی خۆیدا)

پێشەکی .......................................................................٤

ئەو بنچینانەی بەهەند وەردەگیرێت لە چەسپاندنی حوکمەکاندا ........... ٦

**بنچینەی یەکەم**: قورئانی پیرۆز ............................................... ٦

**بنچینەی دووەم:** ئەوەی بە سەحیحی وچەسپاوی هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ وهاوەڵانی وئەوانەی پاشیان لە زانایان وئیمانداران...........١٠

هەندێك لەو فەرمووودانەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەسەر بنچینەی دووەم هاتوون.......................................................................... ١٧

هەندێك لە وتە گێڕدراوەکان لە هاوەڵان وتابیعیەکان وزانایان؛ سەبارەت بە گەورەدانانی سونەت و واجبێتی کارپێکردنی................٢٣

# تنشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com
موسوعة تضم تفاسير وتراجم موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com
موسوعة تضم ترجمات للأحاديث النبويـــة وشروحها بعدة لغـــات

موسوعة المصطلحات الإسلامية
TerminologyEnc.com
موسوعة تضم ترجمات المصطلحات الإسلاميـــة وشروحها بعدة لغـــات

منتقى المحتوى الإسلامي
موسوعة تضم المنتقى من المحتوى الإسلامي باللغات

IslamHouse.com
مرجعيـــة مجانيـــة إلكترونية موثوقة للتعريف بالإسـلام

جـمـعـيـة الـدعـوة وتوعية الجاليات بالربوة
Rabwah

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغـــات

وجوب العمل بسنة الرسول ﷺ – وكفر من أنكرها